# ڕەشترین نموونەی دەسەڵات..

**نورەدین وەیسی**

**ئەگەرچی لە تاکە ئەزموونی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوین –کەبە قسەی بەرپرسانی پارتی ویەکێتی ئەزموونە نایابەکەی خۆیانە– خۆنیشاندان قەدەخەیە،ئەوە بوو لەکەلار دەستڕێژیان لەخەڵك کرد، لەسلێمانی تەقەیان بەسەر خۆنیشاندانەکانی پشتوانیکردن لە ڕاپەرینی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە کرد ولەهەولێریش چەندین جار ڕێگەیان لە خۆنیشاندانی لاوو خوێندەڤانەکان گرتووە، وەلێ چونکە یەکێتی دەیەوێ هاوسۆزی خۆی دەگەڵ هێزە توندڕەوو پاشڤەڕۆو تاریکپەرستەکانی عیراق وولاتانی عەرەبی وئیسلامی نیشان بدا ولەخۆیان ڕازی بکا بۆیە نەك هەر ڕێگەی بە خۆنیشاندانێکی کاریکاتۆریانەدا لەسلێمانی بەڵکو جلەوی بۆ وەزیری ئەوقافەکەشی شل کرد کە خەڵکی توندڕەوو ساویلکە لە دژی  نووسەرمەریوان هەڵەبجەیی بوروژێنێ وهانبدا گۆیا سووکایەتی بە ئیسلام وپێغەمبەرەکەی کردووە.**

**ئەوەی زۆر باڵکێشە وەزیرەکەی یەکێتی بە دەستووری ڕەش وئاخوندی عیراقی هەڕەشەو گەڤ لە خەڵکی ئازادیخواز وسکیولەر دەکا وداوای گرتن ودەمکوتکردنی نووسەران دەکا ئەمەش لە سایەی حکومەتی سوشیال دیموکراتی* یەکێتی کە چەندین ساڵە بە درۆ پروپاگەندە بۆ پێشکەتووخوازی وموديێرنی دەکاوگۆیا بەهۆی دەسەڵاتداریێتی چەند ساڵەی ئەوانەوە سلێمانی بووە بە ئەوروپا!، لەکاتێکدا جیا لە سەرکوت وپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، لەم دوو هەڵبژاردنەی دواییدا ئیسلامییەکان زۆرترین دەنگیان لە سلێمانی ودەڤەرەکانی دەوروبەریدا هێنا.**

**دەسەڵاتدارانی باشوور لەلایەك بەردەوام دەیانەوێ خۆیان وەك قوربانی دەستی تیرۆری ئیسلامی نیشان بدەن و کۆرو کۆبوونەوەوکۆنفرانسی لەمەڕ دەبەستن وراسپاردەو ڕاگەیێنراوی لەبارەوە دەردەکەن کەچی هەرخۆشیان پێگەیەنەرودەست لەپشتدەری تیرۆرن ورۆژانە لە میدیاو ڕاگەیاندنی خۆیاندا دەرگایان بۆ هێزوناوەندە پریمیتیڤ وپاشڤەڕۆکان خستۆتە سەر تاقی پشت کەبە ئارەزووی خۆیان فتوایان دەردەکەن ودەست لەکاروباری تایبەتی خەڵك وەردەدەن،لەڕاستیدا ئەوان هەر هێندە دژی تیرۆرن هەتا لە خودی خۆیانەوە دووربێت دەنا هیچ باکیان بەوە نییە ژیانی خەڵکی دەکەوێتە ژێر شمشێری سەلەفییەکان ،ئەوەنەبوو لە هەولێر بەئاشکراوو بەبەرچاوی پۆلیس وئاسایشەوە تێزابیان بەلاقی کچان وژناندا دەکردو هۆیهایان لێدەکردن ؟شێخ زانا چەندین ساڵ لە بنپاڵی دەسەڵاتدارانی هەولێرێ خەریکی سەربڕینی خەڵکی نەبوو کەهاوکات پەیوەندییەکی زۆر دۆستانەشی لەگەڵ بەرپرسانی سلێمانی هەبوو .**

باشووری کوردستان لە سایەی دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی پارتی ویەکێتیدا رۆژبەرۆژ لەتاریکیدا نغرۆ دەبیٚ وبەپیٚچەوانەی بانگەشەکانی ماشێنی زۆرناژەنی راگەیاندنی خۆیانەوە ، ئەورِو ئەزموونی دەسەڵاتی پارتی ویەکێتی رەشترین نموونەی بەرِیٚوەبردنە لەرۆژهەڵاتی نیٚوەرِاستدا، لەلایەك ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان تەپەسەرکراون و رۆژبەرۆژ بەرتەسك دەبنەوە وبەردەوامیش گوێبیستی دەیان تراژیدیای کۆمەڵایەتی دەبین، لە رووی سیاسی ورۆژنامەوانیشەوە یاساکانی بەعس وەك مۆتەکە بەسەر خەڵکەوەن وهەرکەس هێڵە سوورە بیٚ سنوورەکانی حیزب ببەزیٚنیٚ ئەوە رووبەرِووی درِندانەترین سزا دەبێتەوە،زێدەباری هەموو ئەمانەش گەندەڵی هەموو کون وکەلەبەرێکی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی گرتۆتەوەو شانازیشی پیٚوە دەکریٚ،لەسەرینی ئەم پێشهات و پێڤاژۆیانەدا باشووری کوردستان لەبەردەم هەرِەشەیەکی ئاشکرادایەو چارەنووسێکی رِەشیش چاوەرِوانیەتی.

*** داوا لە کەمپینی بەرگریکردن لە نووسەر مەریوان هەڵەبجەیی دەکەم کە بەپەلە رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناشنال Socialist International- SI کە یەکێتی تێیدا چاودێرە لە پرسەکە ئاگاداربکەنەوە تا بزانن سۆسیال دیمۆکراتەکەی کوردستان چۆن لەگەڵ هێزە توندرِۆکان خەریکی دەمکوتکردنی رۆشنبیرانە.**